چەکدارێك هەرشدەكاتە سەر دادگای باڵای تاران و لە ئێنجامدا دو دادوەری ئەو دادگایە دەكوژێت

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ چەكدارێك هەرشدەكاتە سەر دادگای باڵای تاران و لە ئێنجامدا دو دادوەری ئەو دادگایە دەكوژێت كە بە گوتەی میدیاكانی ئێران بە ئەزموونبون لە بوارەكانی "تاوانكانی دژ بە ئاسایشی نیشتیمانی" و "سیخوڕی"، هەروەها هەربەشبەركە دوای ئێنجامدانی ئەو كارە خۆشی دەكوژێت.

میدیاكانی ئێران باویانكردوە، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ كەسێكی چەكدار دزە دەكاتە ناو دادگای باڵا لە تاران و لە چالاكیەكی پلان بۆ داڕژراودا، دو دادوەری دادگاكە كە بە ئەزموونبون لە بوارەكانی "تاوانكانی دژ بە ئاسایشی نیشتیمانی" و "سیخوڕی" تیرەكرد.
ئاماژەی بۆشكرد، لە ئێنجامی ڕووداوەكەدا هەر یەكە لە دادوەران عەلی ڕازینی بەرپرسی لقی 39ی داداگ و محەمەد موقیسە بەرپرسی لقی 53ی دادگای باڵا كوژراون و هەرشبەركە دوای كوشتنی ئەو دو دادوە، خۆشی كوشتوە.
بگوتەی میدیاكانی ئێران، هێشتا وردەكاری ڕووداوەكە و هۆوشی بریندارەكان لەبەردەستدا نیین، بەاڵم لە ئێستادا لەكەیناوەكان لەبارەی ڕووداوەكە و "دەستنیشانكردنی تاوانبارانی پشتی ئەو ڕووداوە دەستیپێكردوە".